# تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیستی لە سەدەی نۆزدەدا: کۆمۆنەی پاریس وەک نموونە

**مبارک عزیز حمد، عابد خالد رەسول**

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا یەکێکە لەو چەمکانەی جێگەی مشتومڕی زۆر بووە، بە تایبەت لە هزری سیاسی نوێدا، لەو نێوەندەشدا، بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوون ئەو چەمکەیان لە چوارچێوەی خەباتی چینی کرێکاراندا تیۆریزە کردووە، بۆیە گەڕان بە دوای ئەو بنەما هزریانەی ئەو تیۆرەیان لەسەر بونیادنراوە، بە تایبەت لای مارکس و ئەنگڵس، دیوە ناڕوونەکانی ئەو تیۆرە و کاریگەرییەکانی لەسەر شۆڕشی )١٨٤٨) و، کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١)، لە سەدەی نوزدە لە فەرەنسا باشتر نیشان دەدات. ئامانج لەم توێژینەوەیەش، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییەیە: ئایا تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا چییە و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس چی بووە؟ بۆ ئەوەی بگات بە دەرەنجامێک سەبارەت تیۆری شۆڕشی سۆسیالیزم و جێبەجێکردنی لە کۆمۆنەی پاریس لە سەدەی نۆزدەدا.

**کلیلە ووشەکان-** چەمکی شۆڕش، تیۆری شۆڕش، سۆسیالیزم، کۆمۆنەی پاریس، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

## پێشەکی:

چەمکی شۆڕش وەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی نوێ و ئێستا، هاوشانی بوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەوان و فۆرمە جیاوازەکانی حکومەت و سیستەمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە و، فەیلەسوفان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەوە دەربڕیوە. لەناو ڕەوتە هزرییە مۆدێرنەکانیشدا بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەدا، بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە هەمووان زیاتر پەیوەست بوون بە تیۆریزەکردنی ئەو چەمکە، بە تایبەت شۆڕشی پرۆلیتاریا. لە پاڵ کۆمەڵێک ڕووداو، پێشهاتی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و ململانێی دەرکی لە فەرەنسادا، ئەم تێڕوانینە شۆڕشگێڕییە سۆسیالزمە کاریگەری لەسەر سەرهەڵدان و هاتنە ئارای کۆمۆنەی پاریس هەبوو.

### گرنگی توێژینەوە:

گرینگی توێژینەوەکە بەستراوەتەوە بە چەند لایەنێک، لەوانە:

- شیکاری چەمکی شۆڕش بەتایبەتی و تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان کە کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆیی وڵاتان هەبووە لە سەدەی نوزدەدا، بە تایبەت فەرەنسا.
- خوێندنەوە بۆ شۆڕشی کۆمۆنە و، ئەو ئەزموون و فۆرمە سیاسییەی لێی کەوتەوە.
- ئاشنابوون بە تێڕوانینی مارکس بەرانبەر بە کۆمۆنە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە تێگەیشتنی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان و شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس.

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی بنەڕەتی توێژینەوەکە پەیوەستە لە سروشتی تایبەت و جیاوازی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان. بۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: ئایا تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیزمدا چییە و کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس چی بووە؟ هاوکات توێژینەوەکە چەند پرسیارگەلێکی لاوەکیشی دوروژێنێ، لەوانە:

- چەمکی شۆڕش لە ڕوانگەی هزری سیاسی سەردەمە جیاوازەکاندا گوزارشت بووە لە چی؟
- کۆمۆنە چ جۆرە فۆرمێکی سیاسی هێنایە ئاراوە؟
- خوێندنەوەی مارکس بۆ کۆمۆنە چییە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی، ئەگەرچی ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان بە گشتی و تێزەکانی مارکس بە تایبەتی کاریگەری زۆریان لەسەر شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس هەبوو، بەڵام ئەو فۆرمە سیاسییەی کۆمۆنە هێنایە ئارا،

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp1-12
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 12 كانون الثاني 2025؛ قُبل في 2 آذار 2025؛ نُشرت في 6 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: mubarak.hamad@univsul.edu.iq, abid.rasul@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 مبارک عزیز حمد، عابد خالد رەسول. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕەنگدانەوەی لەسەر تێڕوانینی مارکس بۆ چەمکەکانی دەوڵەت، شۆڕشی پڕۆلیتاریا و سۆسیالیزم هەبوو.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەمیانەی توێژینەوەکەدا، توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە خواستراو و پێشبینی کراوەکانی توێژینەوەکە، هەوڵیداوە میتۆدی مێژوویی، بە مەبەستی ناساندن و نیشاندانی پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا بەکاربهێنێت، هاوکات میتۆدی شیکاری بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندانی سۆسیالیستی لە سەدەی نۆزدە بە گشتی و مارکس بە تایبەتی وەربگرێت؛ ئەمە و میتۆدی بەراوردکاری بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی شۆڕش لەڕوانگەی ئاراستە هزریە سیاسییە جیاوازەکاندا بەکاربهێنێت.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، دوو داخوازی سەرەکی و دەرەنجام پێکهاتووە: داخوازی یەکەم بە ناونیشانی چەمکی شۆڕش و تیۆریزەبوونی لە هزری سیاسی سۆسیالیزمدا؛ دوو لق لە خۆدەگرێ؛ لقی یەکەم، تایبەتە بە چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی؛ لقی دووەمیش، بەندە بە تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا. داخوازی دووەمیش تەرخانە بۆ کۆمۆنەی پاریس و خوێندنەوەی مارکس لەهەمبەر ئەنجامەکانیدا، کە ئەویش دوو لقەدا، خراوەتەڕوو.

## داخوازی یەکەم
## چەمکی شۆڕش و تیۆریزەبوونی لە هزری سیاسی سۆسیالیزمدا

ئەم داخوازییە بۆ دوو لق دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم باس لە ڕووە زمانەوانی و زاراوەییەکانی چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی دەکەین. لە لقی دووەمیشدا، لە تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەکۆڵینەوە.

### لقی یەکەم
### چەمکی شۆڕش و پەرەسەندنە هزرییەکانی

لەم لقەدا، سەرەتا واتای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی شۆڕش ڕوون دەکەینەوە، پاشان ڕاڤەی پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا دەکەین.

**یەکەم: واتای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی شۆڕش**

لە زمانی عەرەبیدا چەندین وشەی نزیک و هاوواتایی شۆڕش بەکار هاتوون، لەوانە: "**الثائر**"، کە بە واتای تووڕە، تۆڵەسێن وهەژان دێت؛ وشەکانی "**المثاورة و الوثبة**" بە واتای قەڵەمباز و ڕابوون یان سەرهەڵدان دێن، هەروەها وشەی "**الهيج**"یش بە واتای هەڵچوون هاتووە (بەشارە، ٢٠١٢، ل ٨١-٨٢). لە زمانی کوردیشدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وشە عەرەبییەکانی وەک "**کودەتا** و **توندوتیژی خوێناوی**" بۆ جوڵانەوە ناڕازییە سیاسییەکان لە جیاتی وشەی شۆڕش لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەکار هاتوون، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا وشەی شۆڕش لە زمانی کوردیدا واتا هاوچەرخەکەی خۆی لە بەرانبەر وشەی "**الثورة**"ی عەرەبی و وشەی "Revolution"ی ئینگلیزیدا وەرگرت، کە بە واتای گۆڕانکاری دێت. تورکەکان و فارسەکانیش وشەی "**إنقلاب**"ی عەرەبییان بە گۆڕانی ڕیشەیی و گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە بەکار هێناوە، بۆ نموونە: بە گواستنەوە لە حوکمی سوڵتانییەوە بۆ حوکمی دەستووری دەگوترێت ئینقلابی دەستووری. هەروەک فارسەکان ئینقلابی ئیسلامی بە واتای شۆڕشی ئیسلامی بەکار دەهێنن، لە کاتێکیدا عەرەب وشەی "**کودەتای**" بە واتا هەندەکییەکەی بەکارهێناوە و لە کودەتای سەربازیدا کورتی دەکاتەوە (حەمەد، ٢٠٢٣، ل٢٥٤). ئەمەش مانای وایە ئەگەر وشەی شۆڕش لە زمانە جیاوازەکاندا یەک واتای هەبێت و، بە واتای گۆڕانکاری هاتبێت، بەڵام بە وشەی جیاواز دەربڕدراوە.

لە ڕووی زاراوەییشەوە، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی شۆڕش کراوە، لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک وەربگرین. فەیلەسوفی فەڕەنسی (**جاک ئێلول** ١٩١٢-١٩٩٤)، پێیوایە شۆڕش بریتییە لە ئیرادەی گەل، دەوڵەتیش تەنیا بەو ڕادەیە ڕەوایە کە گوزارشت لە ئیرادەی گەل بکات (Issue 4 - 2016, p34 Chengte,). لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر کاتێک دەسەڵات ڕەوایی لەدەست دا، ئەوا گەل مافی خۆیەتی پەنا بۆ گۆڕینی بەرێت.

لە کاتێکدا (**توفيق الحكيم** ١٨٩٨- ١٩٨٧) لە کتێبی "**ثورة الشباب**"دا، چەمکی شۆڕش لە چەمکی هەژان جیادەکاتەوە، ئەو پێیوایە هەژان ئەوەیە کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت، بەڵام چەمکی شۆڕش بە واتای ئەوە دێت کە لایەنی سوودبەخش دەهێڵێتەوە و هێزی لێوەردەگرێت، تەنها لایەنە بێکەڵکەکان لەناو دەبات (الحكيم، بلا سنة، ص١٠). لەم پێناسەیەی **حەکیم**دا ئەوە دەردەکەوێت، کە شۆڕش ژێرەوژوورکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگە بە چاک و خراپەوە نییە، بەڵکو گۆڕینی ڕەوایی سیاسی فەرمانڕان و لایەنە خراپەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ناڕێکی و نادادی دروست کردووە.

هەندێکی تر پێناسەی شۆڕش دەبەستنەوە بە ئاڵوگۆڕی سەروەری لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر یان گۆڕانکاری لە شوێنی سەروەری No Published Year, , p (Yoder, 435). کەواتە، گەر مەبەست لە شۆڕش گۆڕانکاری لە شوێنی سەروەری بێت، ئەوا دەبێت ئەو دامەزراوەیە یاخود کەسە کە سەروەری لایە، بگۆڕدرێت بە دامەزراوەی نوێ یان فەرمانڕانی نوێ.

لە لایەکی ترەوە وەک هەندێک پێیانوایە گەر بە شێوەیەکی گشتی چەمکی شۆڕش واتای ژێرەوژوورکردنی توندوتیژیانەی یان ئاشتیئامێزانەی حکومەتی فەرمانڕان و دانانی حکومەتێکی نوێ بێت لە جێگەکەیدا (زەنگەنە،٢٠٠٩، ل٩٠). ئەوا دەبێت پرسین چەمکەکانی (**چاکسازی، یاخیبوون، ڕاپەڕین و بەرخودان**)، چ پەیوەندییەکیان بە چەمکی شۆڕشەوە هەیە؟ لە وڵامدا دەشێت بڵێین: هەموو ئەو چەمکانە دیاردەگەلێکی تێکهەڵکێشن و دەشێت یەکێکیان ببێتە هۆی ڕوودانی ئەوی دیکە. چاکسازی وەک ئامرازێکی گۆڕانکاری سیاسی ڕەنگە سنووردار بێت بە پانتاییەکی

دیاریکراو، هاوکات دەکرێت لەو وڵاتانەی شیمانەی ڕوودانی شۆڕشێک لە خوارەوە لە ئارادا نەبێت، ئەنجامدانی چاکسازی لەسەرەوە جێگرەوەی شۆڕش بێت (بەشیریە، ٢٠٠٩، ل٢٢٧). هەروەها لەوانەیە یاخیبوونێکی جەماوەری ببێتە هۆی ڕرودانی کودەتایەک، یان دەشێت یاخیبوونێک ببێتە هۆی چاکسازی لە سیستەمێکدا، یاخود بە پێچەوانەوە ڕەنگە نەبوونی چاکسازی ڕاستەقینە سەر بکێشێت بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین، دواجار ڕەنگە شۆڕشێک بخولقێنێت، بەڵام ئەگەر ڕاپەڕین و یاخیبوون گۆڕینی سیستەمی سیاسی هەبوو نەیەنێتە بەر باس، ئەوا لەو حاڵەتەدا لە شۆڕش جیا دەبنەوە (حەمەد، ٢٠٢٣، ل٢٥٥). ئەگەر لە ڕوانگەی ئامانجیشەوە تەماشای شۆڕش بکەین، ئەوا دەتوانین بۆ سەر چەند جۆرێک دابەشی بکەین، لەوانە: شۆڕشە زانستی، سیاسی و ئایینیەکان. کە لێرەدا ئێمە مەبەستمان لێکۆڵینەوەیە لە شۆڕشی سیاسیی - کۆمەڵایەتی کە زیاتر دەرهاویشتەی ئەو بیرباوەڕانەن لە دڵ و دەروونی تاکەکاندا چەکەرە بوون، نەک لە ڕوانگەی عەقڵییەوە (لۆبۆن، ٢٠١٦، ل ل٣٣-٣٦). کەوایە، مادام لە شۆڕشدا بیروباوەڕە سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگتر لە عەقڵ بگێڕن، ئەوا ڕەنگە مەزەندەکردنی توندوتیژی لە میانەی شۆڕشەکاندا زیاتر لە ئارادا بێت.

## دووەم: پەرەسەندنی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسیدا

ڕەنگە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی هێندەی دەسەڵات خۆی و مێژژوی مرۆڤایەتی کۆن بێت، بەڵام لە هزری سیاسی یۆنانی کۆندا ئەم پرسە کەم تا زۆر لای هەندێک لە فەیلەسوفە سیاسییەکان دەبینرێت. ئەگەرچی (**سۆکرات** ٤٦٩-٣٩٩ پ.ز) باسی حکومەتی ستەمکار و ئەگەری بوون یاخود نەبوونی شۆڕشی بەسەردا نەکردووە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو شۆڕش دەبێت حکومەت بۆ باشترین و پێشەنگترین شێوەی دەسەڵات بگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی ئەوەیە کە هەندێجار ستەمکارەکان جێی خۆیان بۆ ستەمکەرێکی تر چۆڵ دەکەن (ئەرستۆ، ٢٠١١، ل٣٧٧). ئەم ترسەی سوکرات لە شۆڕش، مانای وایە گەر شۆڕش نەبێتە هۆی هێنانە ئارای باشترین فۆڕمی حکومەت، ئەوا تەنیا گواستنەوەی دەسەڵاتە لە ستەمکارێکەوە بۆ ستەمکارێکی تر.

(**ئەریستۆ** ٣٨٤- ٣٢٢پ.ز)یش لە فەلسەفەی سیاسی خۆیدا، چەمکی شۆڕشی بە شێوەیەکی وردتر و واقیعانەتر لە سوکرات ڕاڤە کردووە، چونکە لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوە مێژووییەکاندا گەیشت بەو گریمانەیەی "هۆکاری سەرەکی لە پشت شۆڕشەکانەوە بریتییە لە "**نایەکسانی**" و، خەڵکی شۆڕش لە پێناوی یەکسانیدا دەکەن. لە ڕاستیدا، بیرۆکەی یەکسانی لای ئەریستۆ لەسەر بنەمای مافە سروشتییەکان بەتەواوی نەناسراوە، بەڵکو مەبەستی یەکسانی سیاسی و ئابوری بووە (سالح، ٢٠١٥، ل ل١٤١-١٤٢)، چونکە بە بڕوای ئەو کۆمەڵێکی هاوڵاتیان پێگەی سیاسی بەرزیان هەیە کە لەگەڵ پێگە ئابورییەکانیاندا گونجاو نییە، یان دەسکەوتی باشی ئابوری کاریگەریان هەیە بەبێ بوونی هەمان بڕ لە دەسکەوتی سیاسی (سالح، ٢٠١٥، ل ل١٤٢-١٤٣). ئەمەش مانای وایە نایەکسانی لە ڕێژەی ئابوری و پێگەی سیاسی نێوان گروپەکان دێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش.

لە هزری مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا، کەمتر چەمی شۆڕش بەدەر دەکەوێت، (**سان ئۆگستین** ٣٥٤- ٤٤٠ز) کە یەکێک لە دیارترین فەیلەسوفانی مەسیحی پێیوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی یاخی و ترسناکە، بۆیە ئەو دامەزراوە سیاسیانەی کە لە ئارادان هەرچەندە کەموکوڕتیشیان تێدا بێت، شایستەی ستایشکردنن (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل١٠٣). هاوکات فەیلەسوفانی ریفۆرمی ئایینیش، دیدی زۆر جیاوازیان لەو ڕووەوە نەخستەڕوو. ئەگەرچی (**مارتن لۆتەر** ١٤٨٥-١٥٤٦) هەوڵیدا دەوڵەت لەژێر هەژموونی کڵێسە بێنێتە دەرەوە و ئایینی ملکەچی دەوڵەت کرد، بەڵام باوەڕی بە گوێڕایەڵی کوێرانەی سلبی بۆ فەرمانڕان هەبوو، تەنانەت ئەگەر لە عەقیدەشدا ناکۆک بوو، چونکە هەموو بەگژاچوونەوەیەکی دەسەڵاتی فەرمانڕان تاوانێکە بەرانبەر یەزدان؛ لەکاتێکدا (**جۆن کالڤن** ١٥٠٩-١٥٦٤)، ئەگەرچی مافی بەرەنگاربوونەوەی فەرمانڕان و شۆڕش بە هەموو خەڵکی نابەخشێت، بەڵام باوەڕی وابوو ئەو فەرمانبەرانەی پلەیان لە خوار ئاستی سەرۆکی دەوڵەتەوەیە، مافی بەرەنگاری ستەمکاری سەرۆکی دەوڵەتیان هەیە، چونکە ئەو مافەیان لە یەزدانەوە وەرگرتووە؛ پاشان ئەم بیرۆکەیە لە بواری کردەیی لەسەر دەستی شوێنکەوتوانی کالڤن پەرەیسەند بەرەو سەرکردە ئاسایییەکانی خەڵک (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٦١-٦٢، ٦٧-٦٨). لە هزری سیاسی سەردەمی ڕۆشنگەریشدا، بۆچونێکی تاڕادەیەک نزیک لە کالڤن لای (**ئالتۆسیۆس** ١٥٥٧- ١٦٣٨) دەبینرێت، چونکە ئەگەرچی گەل بە سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوایی دەزانێت و، پێیوایە هەرکاتێک حکومەت لە ئاستی ئەرکەکانیدا نەبوو، ئەوا دەسەڵاتی لێ دەسەندرێتەوە و دەرێتەوە بە خەڵک، بەڵام ئەو مافەی بۆ تاکەکەس بە ڕەوا نەدەزانی، بەڵکو بە دەسەڵاتدارە گشتییەکانی هەرێمەکانی بەخشی، بەڵام (**گرۆسیۆس** ١٥٨٣- ١٦٤٥)، پێیوابوو هەرکاتێک دەسەڵاتی پاشا سنووری خۆی بەزاندا، مافی هاوڵاتیانە بەگژیدا بچنەوە و لێی ڕاپەڕن (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل١١٧-١١٨، ١٣٠-١٣١). دەکرێت ئەم تێگەیشتنەی ئالتۆسیۆس و گرۆسیۆس بۆ چەمکی شۆڕش بە پەرەسەندنێکی گرنگی ئەو چەمکە دابنرێت.

لە هزری سیاسی سەردەمی نوێشدا، چەمکی شۆڕش بە واتای جیاواز لای فەیلەسوفانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (**تۆماس هۆبز** ١٥٨٨-١٦٦٩، **جۆن لۆک** ١٦٣٢- ١٧٠٤ و **جان جاک ڕوسۆ** ١٧١٢- ١٧٧٨) دەبینرێت. هۆبز لە کتێبە بەناوبانگەکەی (Leviathan)کە لە ساڵی (١٦٥١)دا نووسی، فەلسەفەی سیاسی خۆی لەمەڕ دەوڵەت بەیان کرد و، دەڵێت: "ئەوانەی بەهۆی بەڵێن و پەیمانێکەوە دەوڵەتیان دامەزراندووە و کار و کردەوەکانی کەسێکیان قبوڵ کردووە، ئیدی ناتوانن بەبێ ڕێگەپێدانی ئەو یەک کەسە پەیمانێکی نوێ بدەن و پەیڕەوی لە یەکێکی دیکە بکەن"، بەڵام ئەرک و بەرپرسیاریێتی و گوێڕایەڵی هاوڵاتیان بەرانبەر فەمانڕان تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت، کە گەرەنتی ئاسایش وەک گرنگترین ئەو ئامانجەی دەوڵەتی لەسەر دامەزراوە بکات (هۆبز، ٢٠١٦، ل ل١٤٨، ١٨٧). ئەمەش مانای وایە، هۆبز تەنیا لەو کاتەی فەرمانڕان ناتوانێت ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، مافی شۆڕش بە هاوڵاتیان دەدات.

بەڵام بەڕای لۆک شۆڕش لەسەر هەموو خراپ بەڕێوەبردنێکی بچووک لە کاروباری گشتیدا ڕوونادات، بەڵکو گەر شەمەندەفەرێکی درێژ لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، یاساکان و بەڕێوەبردن هەبوو، ئەوا جێگەی سەرسوڕمان نییە خەڵک بوروژێن و هەوڵبدەن دەسەڵات و یاسا بخەنە دەست ئەو دەستانە کە ڕەنگە ئەو ئامانجانەیان بۆ مسۆگەر بکات کە سەرەتا حکومەت لە پێناویدا دامەزراوە (Locke, 1823, p p203-204). لە کاتێکدا، ئەو مافە لای ڕۆسۆ زۆر ناڕوونە، بەوەی نەیتوانی ئەو ناکۆکیە لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات، کە لەلایەک داکۆکی لە تاکەکەس و مافی تاکەکەس دەکات و، لەلایەکی تریشەوە مافی ئەوە دەداتە ئیرادەی گشتی تا دەسەڵاتێکی ڕەها و بێسنووری بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی سیاسیدا هەبێت؛ هەرچەندە وای دەبینێ گەر فەرمانڕان کەسێکی حەقیقی ئاسایی بوایە نەک قەوارەیەکی مەعنەوی دەستەجەمعی، ئەوا بێگومان دەسەڵاتی ڕەهای خۆی خراپ بەکاردەهێنا (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٢٣٣-٢٣٤). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هزری ڕۆسۆ لە زۆر جێگە و شوێندا بە تەواوی کاری کردە سەر شۆڕشی فەرەنسی، بەجۆرێک ڕۆبسپییر و شۆڕشگێڕە توندڕەوەکانی ئەوکات و دواتریش ڕۆسۆیان وەک قودسیەتێک ڕەچاو دەکرد (غولامی، ٢٠١٠، ل٢١٩). بەراورد بە هەموو ئەو بۆچوونانەی لەو پێش باس کران، ڕەنگە ڕوانگەی (**ئیمانوێل کانت** ١٧٢٤- ١٨٠٤) لەبارەی چەمکی شۆڕش لە هەمووان گەشبینانەتر بێت، چونکە پێیوایە شۆڕش توانستی ڕەگەزی مرۆڤایەتییە بۆ باشتر بوون، بەرەو پێشچوون، بەرجەستەکردنی ئازادی، دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا و، مرۆڤ تاوانبار نییە بۆ ئەبەد لە سایەی سیستەمە فەرمانڕانە گەندەڵ و بێسەر و بەرەکاندا بژی و لەناو زیندانەکاندا تەمەن بکات (سالح، ٢٠١٢، ل ل١٢-١٣). ئەمەش مانای وایە دەشێت شۆڕش لە ژێر ستەم، نادی، نەبوونی ئازادی سیستەم و یاسایەکدا بمانگەیەنێتە دۆخێکی باشتر لە ئازادی، دادپەوەری، دیموکراسی و یاسا.

پاشان گرنگیدان بە چەمکی شۆڕش لە هزری نوێدا لە پێگەی چەپی لیبراڵیزمدا، هاوڕای گۆڕانێکی ڕادیکاڵانە هاتەوە ئاراوە (Blackburn, 1/12/2024). کە لە لقی داهاتوودا، بە وردی ڕاڤەی ئەو پرسە دەکەین.

هەرچەندە، چەمکی شۆڕش لای زۆربەی بیرمەندە پارێزگارەکان بە تایبەت (**ئیدمۆند بێرک** ١٧٢٩-١٧٩٧) تاڕادەیەکی زۆر ڕەتکرایەوە (ڤینسێنت، ٢٠٠٧، ل١١٥). کە لە بەرانبەردا داکۆکی لە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە دەکرد (بەشیریە، ٢٠١٣، ل ل٢٠١٠-٢١١). بەڵام (**ئەلێکس دی تۆکڤێل** ١٨٠٥-١٨٥٩) "یەکسانی کۆمەڵایەتی" بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شۆڕشی دیموکراسی دادەنێت و، پێیوایە شۆڕشی دیموکراسی ڕوداوێکی لەناکاو و لاوەکی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و، پڕوسەیەکی حەتمییە؛ تەنانەت ویستی یەزدانیش لەگەڵ ئەو شۆڕشە دایە (مەحفوز، ٢٠١٣، ل ل٢٢٦-٢٢٧). هاوکات، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی لای ئەنارشیستە لیبرتاری و کۆمەڵایەتییەکان شۆڕش بە واتای ڕوخاندنی توندوتیژانەی دەوڵەت دێت، بەڵام (**میکائیل باکۆنین** ١٨١٤- ١٨٧٦) کە دامەزرێنەری ئەنارشیستی کۆمەڵایەتییە، شۆڕشی کرێکاری وەک کردەیەکی هێدی و هێور و دوور لە توندوتیژی وێنا دەکات، چونکە پێیوایە دەوڵەت، خاوەندارێتی تایبەت و مەزهەب، دامەزراوەی ئاکارین و بە گەشەی سروشتی بەرەو کۆتا دەڕۆن و لەناو دەچن، هەماهەنگی، هارمۆنی و ئابوری هاوبەش لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەبێت (حەمەد، ٢٠٢٣، ل ل٨٦-٨٧).

لە کۆتاییی ئەم لقەدا ڕەنگە بکرێت بڵێین: چەمکی شۆڕش جیایە لە چەمکەکانی چاکسازی، کودەتا، یاخیبوون و تەنانەت توندوتیژیش، هەرچەندە زۆربەی شۆڕشەکان ئامرازەکانی توندوتیژی بەکاردەهێنن، بەڵام لە جەوهەریدا بۆ ئەوەیە ستەم، توندوتیژی و نایەکسانی نەهێڵێن و، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییەکانیەوە بێنە ئاراوە.

## لقی دووەم
## تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی بیرمەندە سۆسیالیستەکاندا

ئەگەر سەدەی نۆزدە، سەدەی تەوژمی ناسیۆنالیستی بووبێت لە ئەوروپادا، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت گەلانی ئەوروپا پرسەکانی فەرمانڕانیان فەرامۆش کردووە یان چاوپۆشیان لە گۆڕانکاری و چاکسازی کردبێت، بەڵکو مانای ئەوەبوو پرسەکانی ناوخۆیی و یەکێتی نیشتیمانی گرنگی زیاتریان پێدراوە، بۆ ئەوەی هەر نەتەوەیەک لە سنووری جوگرافی خۆیدا چارەسەری کێشە تایبەتییەکانی خۆی بکات، بەڵام کاتێک شۆڕشی پیشەسازی جیاوازییەکی گەورەی لە داهاتی نێوان تاکەکاندا دروستکرد و چینێکی دەوڵەمەندی بە ژمارە کەم و چینێکی هەژار و نەداری بەرفراوانی لە هەردوو توێژی کرێکاران و جوتیاران دروستکرد، ئیدی ڕێبازی لیبراڵیزم کە زادەی هزری تاکگەرایی، ئازادی، مافی تاکەکس و خاوەنداریێتی تایبەتە، کەوتە بەر ڕەخنە. ئیدی لێرەوە چینی کرێکار کەوتە خۆی بۆ ئەوەی وەک چینی ناوەڕاست پشکیان هەبێت و لە مافەکانیان بێبەش نەکرێن؛ ئەو ئاراستەیەیەش کە داوای گۆڕانکاری لە بەرژەوەندی ئەوانەی کە زۆرینەی کۆمەڵگەن و موڵکدار نین دەکرد، بە سۆسیالیزم ناوی دەرکرد (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل ل٣١٤-٣١٧). سۆسیالیستە یەکەمینەکان هەمیشە هەوڵیان بۆ بەدیلێکی ڕادیکاڵ لە بەرانبەر سەرمایەداری پیشەسازیدا دەدا، بۆ نموونە: (**چارڵز فۆریە** ١٧٧٢ - ١٨٣٧) لە فەرەنسا و (**ڕۆبەرت ئۆین** ١٧٧١ - ١٨٥٨) لە بەریتانیا داوای دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئەزموونییان لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوکاری دەکرد (هیود، ٢٠١٢، ص ص١٢٦-١٢٧). لە ڕاستیدا، ئەگەرچی ئەوەی سۆسیالیستە یەکەمینەکان داوایان دەکرد کۆمەڵێک بیروباوەڕ و تێڕوانینی خەیاڵی بوون و، زۆربەی پێشبینیەکانی ئەوان لەسەر ئاستی جەماوەری بە پەرتەوازەیی مانەوە، بۆیە لە دوای خۆیانەوە هەموویان بە سۆسیالیزمی یۆتۆپیایی یان سۆسیالیزمی خەیاڵی دەناسرێن، بەڵام لەگەڵ هزرەکانیان بوونە هۆی برەوسەندنی ڕەوتی سۆسیالیستی (فەرەج، ٢٠١٢، ل٢١). بۆ نموونە: فۆریە جەختی لەوە کردەوە گواستنەوە بۆ قۆناغێکی نوێ لە ڕێگەی سیاسەتەوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکانی کایەی ناوخۆیی و پیشەسازییەوە دەبێت (Jones and Patterson, 1996, p p26-27) هەروەها ئۆین بڕیاریدا بە کردەوە کۆمەنیزم بخاتە

بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەمەش چەند گوندێکی لە کانەکاندا دروست کرد، کە تێیاندا کار، وەبەرهێنان و دابەشکردنی زەوی بە گوێرەی پرەنسیپە کۆمەنیستییەکان ڕێکخرا، هەرچەندە لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو و، ناچاربوو شێوازی ئاسایی سیستمی ئابوری قبوڵ بکات (مۆسکا و بۆتۆ، ٢٠١٢، ل٢٤٥). هەرچەندە ئۆین هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی دەدا (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٢٦). لەو نێوەندەدا یەکێک لەو سۆسیالیستانەی کە وەک یەکەم کەس بیرۆکەی شۆڕشی تەبەنی کرد، سۆسیالیستی فەرەنسی- (**ئۆگست بلانکی** ١٨٠٥- ١٨٨١ ) بوو، کە پێشنیاری پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی بچووکی پیلانگێڕە دڵسۆزەکانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی شۆڕشەوە کرد؛ لە لایەکی دیکەوە (**کارل مارکس** ١٨١٨- ١٨٨٣) و (**فریدریک ئەنگلس** ١٨٢٠ - ١٨٩٥) پێشبینی شۆڕشێکی پرۆلیتاریای هۆشیاریان بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری کرد (هیود، ٢٠١٢، ص١٣٩). ئەو سۆسیالیزمەی مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد، بە شێوەیەکی جەماوەری بە "**سۆسیالیزمی زانستی**" یان "**سۆسیالیزمی پرۆلیتاری**" ناسراوە. مارکس تیۆرییەکەی بە زانستی ناوبردووە، چونکە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕابردوو دامەزراوە، بەوەی بە ڕای مارکس جیهان بە تاک و کۆمەڵگەکانەوە دینامیکە و مێژووەکەی پرۆسەیەکی وردە وردەی پەرەسەندنی لەخۆدەگرێت، کە بە شێوەیەکی دیالکتیکی بەرەوپێش دەچێت. لە ڕاستیدا، هیگڵ لەسەر ئەم بنەمایە فۆرمولەی دیالکتیکی تێز، دژە تێز و سەنتێزی بەرهەمهێنا؛ لەم پرۆسەی دیالکتیکییە لایەنە نەرێنییەکانی تێز و دژە تێزەکە لەناو دەچن، کە هیگڵ بە "**نکۆڵیکردنی نەرێنی**" ناوی بردووە، بەڵام مارکس وەشانی تەواوی دیالێکتیکی هیگڵی وەرنەگرت، بەڵکو گۆڕی بۆ دیالێکتیکی تێڕوانینەکان لەسەر پێشکەوتنی مێژوویی، واتە مارکس دیالێکتیکی وەک ئامرازێک بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەسەندنی مێژوویی بەکارهێنا، بۆیە لەبری ئەوەی هێرش بکاتە سەر دەرئەنجامە خراپەکانی سەرمایەداری، هێرشی کردە سەر خودی سیستەمی سەرمایەداری (Kumar and Others, No published year, pp3-4). لێرەوە سۆسیالیزمی زانستی لەسەر دەستی مارکس و ئەنگلس دامەزرا، بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین تیۆری شۆڕش لە ڕوانگەی ئەو دوو بیرمەندەوە لێکبدەینەوە.

مارکس لە ڕێگەی دوو شیمانەوە تیۆرەکەی بۆ شۆڕش ڕوون دەکاتەوە، ئەوانیش: "شۆڕشی پرۆلیتاریا و هەرەسهێنانی سیستمی سەرمایەداری، یاسایەکی مێژوویی حەتمییە" و "سۆسیالیزم قۆناغێکە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە دێتەدی" لە تیۆری مارکسدا شۆڕش وەک ئامرازێک پەیوەستە بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و، شۆڕشی سۆسیالیستیش ئامانجی ڕزگاربوونی مرۆڤە لە ئیسغلالی مرۆڤ (خالد و قماط، ٢٠١٧-٢٠١٨، ص٤٦). تیۆری شۆڕشی مارکسی بەشێکی دانەبڕاوە لە عەقیدەی ماتریالیزمی دیالکتیکی ئەو، لە مۆدێلی دیالێکتیکی، پەرەپێدانی تێز و دژە تێز وردە وردە ڕوودەدات، بەڵام وەکو دەرئەنجامی ململانێی نێوان ئەو دووانە، سەنتێز لە جەڵتەی کتوپڕدا دەردەکەوێت، چونکە بە ڕای مارکس هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی شۆڕشێکە، ناوبراو شۆڕش بە مامانێکی پێویستی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دادەنێت (Kumar and Others, No published year, p14). مارکس لە پەرەسەندنی وەشانی ماتریالیزمی مێژووییەوە ئاماژە بەو کۆمەڵگەیە دەکات کە لە چارەسەرکردنی دژایەتییەکانی سەرمایەدارییەوە وەک کۆمۆنیزم سەرهەڵدەدات (No author, 2011, p32) ، چونکە بە بۆچوونی مارکس لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە ئارای سیستمی سەرمایەداریدا، گەشەکردنی ماتریالیزمیانەی مێژوو لاپەڕەی سیستمی فیوداڵی دەپێچێتەوە و قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات کە پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێ دێنێتە ئارا، بەڵام ئەم پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونانە لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو بەپێی چەمکی ماتریالیزمی مێژوویی، پەرەسەندنی مێژوویی سووڕی خۆی لەناو سیستمی سەرمایەداری نوێدا تەواو دەکات، چونکە سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدا هۆکارەکانی لەناوچوونی هەڵدەگرێت (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٣). بە ڕای مارکس سیستمی سەرمایەداری چەندە بە ئاراستەی بەهێزبوونی بۆرژوازی پەرەبسێنێت، ماڵ و سامان لەدەستی چەند کەسێکی دیاریکراودا کەڵەکە بێت، لە بەرانبەردا ئەوەندە هێزی چینی کرێکار زیاد دەکات و یەکێتی نێوان ئەندامانی پتەوتر دەبێت و هۆشیاری چینایەتییان زیاد دەکات. ئەم هۆشیارییەش پاڵیان پێوە دەنێت تا لە پێناو بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان خۆیان ڕێکبخەن؛ لێرەوە کێشە و ململانێ لە نێوان ئەمان و چینی بۆرژوازدا پەرەدەستێنێ، تاوەکو شۆڕشی کرێکاری بەرپادەبێت و سیستمی سەرمایەداری هەرەس پێدێنێ (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٤٩). مارکس لە بەرگی دووەمی کتێبی (**سەرمایە**)دا باس لەوە دەکات، زێدەبایی یان زێدەبەرهەم بۆ سەرمایە و داهات، بوار بۆ ئەوە دەرەخسێنێت پێویستییەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە ببنە هۆی زیادبوونی هێزی کار یان زیادبوونی ژمارەی کرێکار و خواست بۆ کرێکاری، کە سنووری خستنەڕوو بەزێنێت، لە حاڵەتی نەگۆڕانی ئەو گریمانەیەش هەر ساڵە ژمارەی کرێکارانی خاوەنکار لە ساڵی پێشوو زیاتر دەبێت (مارکس، ٢٠١٥، ل٣٢٦). بە جۆرێک زێدەبایی و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەستی کەسانێکی کەمی کۆمەڵگەدا، زۆربەی زۆری خەڵکی والێدەکات تا ببنە کرێکار و لە ڕێی فرۆشتنی هێزی کاری خۆیانەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەتایبەت دوای ئەوەی چینی ناوەڕاست ڕادەماڵێت و بەرهەمهێن و بازرگانە بچوکەکان لەناو دەبات و هێندی هێندی دەیانکاتە کرێکار. لێرەوە کێشەی بێکاری زیاتر و زۆرتر دەبێت و بازاڕی کار ژمارەیەکی زۆر لە بێکاران بەخۆیەوە دەبینێت، ئەو کرێکارە بێکارانەش مارکس بە لەشکری یەدەکی پیشەسازی ناویان دەبات؛ ئەم لەشکرە یەدەکەش دەبێتە چەکێک بە دەست سەرمایەدارانەوە بۆ سەپاندنی کرێ و هەقدەستی زۆر کەم کە بەشی پێداویستییەکانی ژیان ناکات، هەر هەوڵێکیش لەلایەن کرێکارانەوە بە مەبەستی زیادکردنی کرێکانیان بدرێت، سەرمایەداران بە دەرکردنیان لە کارەکانیان و دانانی ئەو کرێکارانەی سەر بە لەشکری پیشەسازی یەدەکی لە جێگەیان وەڵامیان دەدەنەوە؛ ئەو کرێکارە تازانەش ڕازی دەبن بە جێگرتنەوەی کرێکارە کۆنەکان و هەقدەستێکی کەمتر لەبەرئەوەی لە مردن قوتاریان دەکات، بەڵام ئەگەرچی ئەو چەوساندنەوە بەردەوامەی چینی کرێکاران، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە، ئەوا وا دەکات کرێکاران بە واقیعی ناهەمواری ژیانی خۆیان هۆشیاربن (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٤).

ئەم هۆشیارییەش دەبێتە هاندەری ئەوەی خۆیان لە سەندیکا شۆڕشگێڕییەکاندا ڕێکبخەن کە دەسکەوتی زۆریان بۆ بەرجەستە دەکات؛ هەر ئەم ڕێکخراوە کرێکاریە بە ئەزموون فێر دەبێت، چۆن خۆی ساز و تەیار بکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک کە سیستمی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی ڕامالێت و لەسەر داروپەروشیان "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێنێت (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٥١). چونکە بە ڕای مارکس، شێوازی بەرهەمهێنانی ماددی، سەرچاوەیە بۆ پرۆسەی کۆمەڵی، سیاسی و بژێوی ژیان بەگشتی، واتە بە گۆڕینی ژێرخانی ئابووری، سەرلەبەری سەرخان دێتە گۆڕین، ئیدی خێرا بێت یان لەسەرخۆ (لیدمان، ٢٠٠٩، ل٢٢١). کەواتە، ئەوەی تا ئێرە باس کرا، بە تێپەڕبوونی کات پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداری لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە بنەڕەتییەکەی دەبێتە هۆی هۆشیاری کرێکاران بە هەلومەرجی ژیانیان، کە بەرپاکردنی شۆڕشی پرۆلیتاریا بەسەر سیستمی سەرمایەداری و، ڕوخانی سەرخانەکەی بە تاکە چارەسەر بزانن.

لە ڕوانگەی مارکسەوە پرۆلیتاریا تاکە ئامرازە بۆ نەهێشتنی سەرمایەداری و گەیشتن بە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، سۆسیالیزم وەک حکومەتێکی کاتی قۆناغی ڕاگوزەر کە بە ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا بە لابردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە شۆڕشێکدا، دەسەڵاتی چینایەتی خۆی سەقامگیر دەکات؛ مارکس ئەم حکومەتە بە "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" ناو دەبات، مەبەستی مارکسیش لە دیکتاتۆری ئەوەیە کە حکومەت لە قۆناغی کاتیدا بە هەموو شێوەیەک لە دەستی پرۆلیتاریادایە، ئەگینا مارکس هەموو جۆرە حکومەتێکی چینایەتی بە جۆرێک لە حکومەتی دیکتاتۆری دادەنێت، بۆ نموونە: دیموکراسیش بە حکومەتێکی دیکتاتۆری بۆرژوازی دەزانێت (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل٢١٤). مارکس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئامانجی دیموکراسی شۆڕشی پرۆلیتاریای ڕاگەیاند، کە تێیدا هەنگاوی یەکەم بەرزکردنەوەی پرۆلیتاریایە بۆ پێگەی چینی دەسەڵاتدار؛ هەنگاوی دووەم قۆناغی گواستنەوەیە بۆ کۆمۆنیزم، قۆناغێک کە تێیدا دەوڵەت لەلایەن پرۆلیتاریا زاڵ دەبێت، پرۆلیتاریا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازییەکان، زەوی، بازرگانی، پەیوەندییەکان، گواستنەوە و گەیاندن دا، دەوڵەتی پرۆلیتاریا سیستمێکە کارکردن بە منداڵان لە کارگەکاندا ناهێڵێت و، بێبەرانبەر پەروەردە بۆ هەموو منداڵان لە قوتابخانە حکومییەکان دابین دەکات، بۆیە مارکس پێیوابوو کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دیموکراسیتر و لیبراڵترە لە دیموکراسی بۆرژوازی؛ دوا هەنگاویش دامەزراندنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییە، کۆمەڵگەیەک کە تێیدا هەمووان کار دەکەن، بۆیە هێزی بەرهەمدار لەبری بارگرانی دەبێتە چێژ، کۆمەڵگەی کۆمەنیستیش لەسەر بنەمای "هەریەکەیان بەپێی تواناى خۆی و، بۆ هەریەکەیان بەپێی پێویستی خۆی" دەبێت (Kumar and Others, No published year, pp14-15). هاوکات مارکس پێیوابوو بەو پێیەی دەسەڵاتی سەرمایەداری بۆتە فۆرمێکی جیهانی، ئەوا پێویستە بزوتنەوەی کرێکارانیش خۆیان لە چوارچێوەی فۆرمێکی نێودەوڵەتیدا ڕێکبخەن، تا بتوانێت بەرەنگاری سەرمایەداری بێتەوە، ئەو فۆرمەش بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کرێکاران ناو دەبات؛ بۆیە کە مارکس باوەڕی بە توندوتیژی هەبوو، لەبەر ئەوە بوو دەیزانی سەرمایەداری وا بە ئاسانی لە بەردەم هەڕەشەکانی ئەو ڕێکخراوە کرێکارییە نێودەوڵەتییە چۆک دانادات و هەرچی ئامرازە لە دژی چینی کرێکار بەکاری دێنێت، هاوکات گرنگترین چەکێک لەبەردەست سەرمایەداریدا بێت چەکی نەتەوایەتییە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بگرێت (مەحفوز، ٢٠١٣، ل٣٤٦). بۆیە مارکس لە هێرشکردنیدا بۆ سەر سیستمی سەرمایەداری، بە تەنها پشتی بە چەکی هزر نەبەست، بەڵکو چەکی کردەیشی بەکارهێنا، ئەویش کاتێک یەکەمین ڕکخراوی کرێکاری نێودەوڵەتی دروستکرد کە کاری لە پێناو سەرخستنی ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٥٣). مارکس نەیاری دەوڵەت بوو، چونکە ئەو چاوی لە زەمەنێک بڕی بوو کە دەوڵەت بکەوێت و لەناو بچێت، ڕەنگە ڕەخنەگرانی ئەو وەک پووچی و یۆتۆپیگەرایی لەم ئومێدەی بڕوانن، بەڵام ناتوانن ئەو تۆمەتبار بکەن بە لایەنگریکردن لە حکومەتە ستەمکارەکان؛ لە ڕاستیدا ئەوەی مارکس ئومێدی بە لەناوچوونی هەبوو دەوڵەت نەبوو بە مانای سەنتەری بەڕێوەبردنی کاروبارەکان (ئیگلتۆن، ٢٠١٥، ل ل٣٢٧-٣٢٨)، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەنارشیستەکانی سەردەمی خۆی، مارکس سوور بوو لەسەر ئەوەی دەوڵەت تەنها بە مانای "**خەسڵەتی سیاسی**" ڕەش دەبێتەوە؛ واتە ئەوەی دەبێ لەناو بچێت جۆرێکی تایبەتی دەسەڵات بوو، دەسەڵاتێک کە بونیادێکی حوکمڕانی چینێکی کۆمەڵایەتی باڵادەست بوو بەسەر کۆی کۆمەڵگەدا، دەوڵەتەکان نایانەوێت شۆڕشەکان دژ بە سیستمی خاوەندارێتی تایبەت سەرهەڵبدەن؛ ئەوان بەگشتی، بەم هۆیەوە بوونیان هەیە کە سیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەست بپارێزن لە بەرانبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو سیستمە بگۆڕن؛ گەر ئەم سیستمە بەهۆی جەوهەرەکەیەوە نادادپەروەرانەیە، ئەوا لەم ڕووەوە دەوڵەتیش نادادپەروەرانەیە (ئیگلتۆن، ٢٠١٥، ل ل٣٢٨-٣٢٩). ڕەنگە مافپێدانی مارکس بە شۆڕش و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندووتیژی مەرجی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بێت بەسەر چەوساندنەوە و توندوتیژی سەرمایەداریدا، بەوەی دەوڵەت نوێنەری چینی بۆرژوازە و خاوەنی هەموو ئامرازەکانی هێز و توندوتیژییە.

(**فریدریش ئەنگلس** ١٨٢٠- ١٨٩٥)یش بە شێوەیەکی تایبەت و سەرنجڕاکێش ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی کە بە هەموو بەرهەمەکانی مارکسدا دەڕوات، درکی پێکرد، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری دیموکراسی نزیکترین نزیکبوونەوەیە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە تێیدا چەوساندنەوەی جەماوەر و خەباتی چینایەتی، بە ناچاری دەبێتە هۆی درێژبوونەوە، پەرەسەندن و چڕبوونەوەی ئەم خەباتە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی جەماوەری ستەملێکراو، ئەم ئەگەرەش بە ناچاری و تەنیا لە ڕێگەی سەرکردایەتیکردنی ئەو جەماوەرە لەلایەن پرۆلیتارایاوە بەدی دێت (Lenin, 1918, p49). واتە سەروەختێک پرۆلیتاریا دەست بە شۆڕش دەکات و دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست، ئەوا تەواوی موڵک و سامان دەکاتە موڵکی دەوڵەت و، دیخاتە خزمەتی هەموانەوە، چونکە لە ڕاستیدا بزاوتی کرێکاران نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگە دەکات. بەم پێیەش لەگەڵ تەواوی بزاوت و سیستمەکانی پێشووتردا جیاواز دەبێت کە تەنها نوێنەرایەتی کەمینەیان دەکرد و بۆ بەرژەوەندی ئەو کەمینەیەش فەرمانڕانیان دەکرد (مەحفوز، ٢٠١٣، ل ٣٤٥). هەروەها ئەنگلسیش وەک مارکس

پێیوابوو کە پەیڕەوی لە دەســـەڵاتی پرۆلیتاریا وا دەکات، دەوڵەت لەگەڵ لەناوچوونی هەموو چینەکانـدا بە شــــێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی نەمێنێـت، چونکە بە ڕای ئەوان لە کۆمەڵگایەکدا کە چین و توێژی تێدا نەبێت، ناتوانرێت دەوڵەت وەک خەســـڵەتێکی سیاسی بوونی هەبێت (Kumar and Others, No published year, p14). لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، هەندێک ڕایان وایە، ســـەرەڕای ئەوەی زیاتر لەوەی مارکس بیری لێکردۆتەوە: چینی ناوەڕاست گەورە بووە و بەشـێکی بەرچاوی کۆمەڵی لەخۆگرتووە، شـۆڕشی پرۆلیتاریا زیاتر دواکەوتووە، سیسـتمی سـەرمایەداری دینـامیکییەت و توانای مـانەوەی خۆی نیشـــانداوە، بەڵام ناتوانرێـت بە کۆتایی کامڵبوونی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆیی دابنرێت، مەگەر ئەوەی مرۆڤ لەوە بە بێتواناتر بتوانێت بە دروســـتی ژیانی خۆی ڕێکبخات (پۆلادی، ٢٠٠٥، ل٢١٧). کەواتە، دەکرێـت ئەم ڕایە وا لێکبـدەینەوە، کە تیۆری یاســـامەنـدی مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مارکس بە جۆرێک بوونیادنراوە، کە سیسـتمی سـەرمایەداری هەرچییەک بکات و هەر ڕێگەیەک بگرێتە بەر بۆ مـانەوەی خۆی، تەنیـا دەتوانێـت لە ڕووی کاتەوە تەمەنی خۆیی درێژ بکاتەوە.

## داخوازی دووەم
## کۆمۆنەی پاریس و خوێندنەوەی مارکس لەهەمبەر ئەنجامەکانیدا

دوای ئەوەی لە داخوازی یەکەمدا، ڕاڤەی چەمکی شـۆڕش و پەرەســـەندمان لە هزری ســـیاســـیدا کرد و، ڕوانگەی بیرمەندانی ســـۆســـیالیزمان لە هەمبەر تیۆری شـۆڕشی لە سـەدەی نۆزدەدا نیشـاندا، هەوڵدەدین لێکۆلینەوە لە شـۆڕشی کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەمین نموونەی شۆڕشی سۆسیالیزمی بکەین.

### لقی یەکەم
### پاڵنەرە هزری و واقیعییەکانی سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس و دەسکەوتەکانی

لەم لقەدا، هەوڵدەدەین ئەو پاڵنەرانە یان هۆکارانە بدۆزینەوە کە کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەنەی پاریس هەبوو، هاوکات مەبەستمانە بزانین ئەنجامەکانی کۆمۆنە چی بوون؟ یان کۆمۆنە بووە هۆی هاتنە ئارای چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و چ جۆرە فۆرمێکی فەرمانڕانی؟

سەبارەت بە کاریگەری پەلنەرە هزرییەکان لەسەر گەشەی زەمینەی هزری سۆسیالیزمی و سەرهەڵدانی شۆڕشە کرێکارییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسادا، بە تایبەت کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١)دا، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت هزری یەکەمین داڕێژەرانی تیۆری سۆسیالیزمی خەیاڵی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە وەک (**سان سیمۆن١٧٦٠**-١٨٢٥)، **فۆریێ** و **ئۆین** کاریگەرییەکی لە دوای خۆیان جێهێشت (فەرەج، ٢٠١٢، ل٢١). بۆ نموونە: ئامانجی دووری سان سیمۆن ئەوە بوو کرێکاران ئازاد بکات، چونکە پێیوابوو کرێکاران لە کۆمەڵگەی نوێدا بوونەتە کۆیلە؛ هاوکات داوکاری لە دەوڵەت ئەوە بوو کە ئەرکی بەرهەمهێنان و دابەشکردن بگرێتە ئەستۆ و بواری کاریش بۆ هەمووان بڕەخسێنێت، ئەمەش وایکرد کاریگەری ڕێبازەکەی لەسەر سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە فەرەنسا بە ئاشکرا دیار بێ (ئیبراهیم، ٢٠١٠، ل٣٢٤). ئەمە وێڕای ئەوەی کرێکارانی پاریس ئیلهامیان لەو بۆچوونە هزریانە کە لە سیاسەتی مارکسیستی و ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی ڕێکخراوی کرێکاری نێودەوڵەتی کە مارکس دایمەزراندبوو وەرگرت، بەوەی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەوکاتەی فەرەنسا، یەکبگرن و خواستی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی لەو شارەدا لای پاریسییەکان دروست بێت (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩).

لە لایەکی ترەوە لە دەرەوەی یۆتۆپیاوە، ڕاستییەکی ئاشکرا بە درێژایی چەندین ساڵ خۆی ئەخستە ڕوو، ئەویش هەلومەرجی کار بوو کە بەهۆی گەشەسەندنی شۆڕشی پیشەسازییەوە تا دەهات بەرەو خراپی، نەهامەتی و زیاتر چەوساندنەوەی کرێکاران دەڕۆیشت؛ کە کاریگەری هەبوو لەسەر هزری سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی کرێکاران لە فەرەنسا، لەوانە شۆڕشی کرێکارانی ڕستن و چنین لە لیۆن لە ساڵی (١٨٣١)، شۆڕشی (١٨٤٨) و دواجار کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی (١٨٧١). هەموو ئەمانە چەپی کۆماریخوازی هاندا، هەوڵی خۆ ڕێکخستن بدات بۆ دۆزینەوەی تێڕوانینێک بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بزوتنەوەی کرێکاری لە هەناویدا لەدایکبوو (فەرەج، ٢٠١٢، ل ل٢١-٢٢). ئەگەر بیرمان بێتەوە، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە مارکس لە تیۆرەکەی لە بارەی حەتمیەتی شۆڕشی پرۆلیتاریا بانگەشەی بۆ دەکرد، تا سەرمایەداری گەشە بکات، لەبەرانبەردا دۆخی ژیانی کرێکاران خراپتر دەبێت، ئەم دۆخە ناهەموارەش تاکە هۆکاری ئەوەیە کرێکاران بە پێگەی چینایەتی خۆیان هۆشیار بن و هەوڵی یەکگرتن بدەن.

لە ڕووی واقیعیشەوە، یەکێک لە هۆکارە پاڵنەرەکانی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، خودی شۆڕشی (١٧٨٩) و شۆڕشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بوون لە فەرەنسادا، کە وایانکرد گۆڕانی حکومەت لە کۆمارییەوە بۆ پاشایەتی و بە پێچەوانەوە چەندین جار ڕووبدا (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩). لە لایەکی ترەوە لە سایەی گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی فەرەنسا لە دوای شۆڕشی (١٧٨٩)وە، بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ پێگەی پاریس بە جۆرێک بووە کە هیچ شۆڕشێک لەوێدا نەیدەتوانی بەبێ ئەوەی کاراکتەری پرۆلیتاری وەربگرێت، سەرهەڵبدات، کە سەرکەوتنی بە خوێنی خۆی کڕیبوو و، داواکارییەکانی خۆی لەدوای سەرکەوتن پێشدەخست، هەرچەندە ئەم داواکاریانە کەم تا زۆر ناڕوون و سەرلێشێواو بوون، بەڵام لە دوا ڕێگەدا هەموویان گەیشتنە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی دژایەتی چینایەتی نێوان سەرمایەدار و کرێکاران؛ ئیدی لێرەوە هەرچەندە داواکارییەکە، هێشتا لە فۆرمولەکردنیدا نادیار بوو، بەڵام مەترسییەکی لەسەر نەزمی هەبووی کۆمەڵگە لەخۆگرتبوو؛ بەو پێیەی ئەو کرێکارانەی دەیانخستنە پێشەوە چەکدار بوون؛ بۆیە چەکداماڵینی کرێکاران یەکەم فەرمان بوو کە بۆرژوازییەکانی سەرکردایەتی دەوڵەت دەریان کرد (Marks, 1871, p2) ئەمەش وایکرد هەر شۆڕشێک، بە شکستی کرێکاران کۆتایی دەهات وەک ئەوەی لە ساڵی (١٨٤٨) ڕوویدا، کاتێک بۆرژوازی لیبراڵی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئاهەنگیان بۆ دەستەبەرکردنی چاکسازی سازکرد، کە ئامانج لێی تەنیا دەستەبەرکردنی باڵادەستی پارتەکەیان بوو؛ لەلایەکی ترەوە کۆماریخوازە بۆرژوازییەکانی ژێر دەسەڵات،

هەستان بە تێوەگلاندنی کرێکاران بە ناوی یاخیبوونی حوزەیرانی (١٨٤٨)، بە مەبەستی چەکداماڵینیان و دەرکردنی بێکاران بۆ پارێزگایەکی دوورە دەست، بۆیە دوای پێنج ڕۆژ خەباتی قارەمانانە، کرێکاران شکستیان هێنا، کە ڕووبارێک لە خوێنی زیندانییە بێ بەرگرییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، توندوتیژییەک کە یەکەم وێنەی دڕندەیەکی شێتانەی تۆڵەسەندنەوەی بۆرژوازی بەرانبەر داواکارییەکانی چینی پرۆلیتاریای نیشاندا (Marks, 1871, p2). یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەبوو، تا ئەو کاتە بەشێکی زۆر لە بۆرژوازەکان مەیلیان بۆ پاشایەتی هەبوو، کە دابەش بوو بوون بەسەر سێ پارتی خانەدانی و پارتێکی کۆماریدا؛ هاوکات گەشەسەندنێکی زۆری پیشەسازی و زاڵبوونی بەشێکی بچووک لە بۆرژوازی گەورە، پەرەیسەندنی گەندەڵی و تاڵانی بەکۆمەڵی ئەوانەی دەرباری ئیمپراتۆریەتی بوون چەند هۆکارێکی تری شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس بوون (Marks, 1871, p3).

وێڕای هەموو ئەوانە، ئەوەی لە هەمووان زیاتر زەمینە و هەلومەرجی مێژوویی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریسی ڕەخساند، هەڵگیرسانی جەنگی دەرەکی بوو، چونکە دوای شکستی شۆڕشی کرێکاران لە ساڵی (١٨٤٨)، بەهۆی کودەتای سەربازی (١٨٥١) ئیمپراتۆر (**ناپلیۆن پۆناپارتی سێیەم** ١٨٠٨-١٨٧٣) هاتە سەر دەسەڵات، کە هەرچەندە لە سەرەتادا زۆر بەهێز و پتەو دەرکەوت و، ڕێکخراوە کرێکارییەکانی یاساغ کرد، بەڵام هەڵاوسانی ئابووری و زیندووبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا، ڕژێمی فەرەنسی بە شێوەیەکی جددی لاواز کرد؛ بە جۆرێک ڕوون بوو تەنیا جەنگێکی نوێ و سەرکەوتنێکی خێرا ڕێگەی پێدەدات بۆ کاتێکی درێژتر لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بۆیە جەنگ لە دژی ئەڵمانیا لە ئابی (١٨٧٠)دا هەڵگیرساندا (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣)، بەڵام دۆڕان و دەستگیرکردنی ئیمپراتۆر لەگەڵ ١٠٠ هەزار سەرباز لە ٢ی ئەیلولی هەمان ساڵ لەلایەن سوپای بیسمارکەوە، بووە هۆی پشێوی ناوخۆی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە شەقامەکانی پایتەختدا کە داوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەت و ڕاگەیاندنی کۆماری نوێی دیموکراسییان دەکرد (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣)، ئیدی خۆپیشاندەران توانیان لە ماوەی دوو ڕۆژدا حکومەتێکی کۆماری لە پاریس دابمەزرێنن، بەم شێوەیە کۆماری سێیەمی فەرەنسا دامەزرا، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، حکومەتی دەسەڵاتدار، نە لە ناوخۆی وڵات و نە لە دژی دوژمنی دەرەکی، داواکارییەکانی خەڵکی شارەکەی جێبەجێ نەکرد، کرێکارانی پاریس نیگەران بوون، لەوەی حکومەتی نوێ وڵات بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی ئامادە دەکات، ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی بەردەوام لە نێوان کرێکارە شۆڕشگێڕەکان و حکومەتی دەسەڵاتداردا؛ کاتێکیش کە سوپای بروسیا گەیشتە دەروازەکانی پاریس و گەمارۆی شارەکەی دا، زۆرێک لەو کرێکارانە سوپایەکی خۆبەخشیان بەناوی سەربازی پاسەوانی نیشتمانی بۆ پاراستنی شارەکە و دانیشتووانەکەی پێکهێنا (زادە، ١٣٩٧/١٠/٩).

پاشان کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردرا بە مەبەستی ئەنجامدانی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیادا، حکومەتی (**تیێری کۆنزێرڤاتیڤ**)، کە لە شاری فرسای دامەزرابوو، کەوتە ژێردەستی پاسەوانانی نیشتمانییەوە، کاتێکیش تیێر دەستگیرکرا و پەشیمانبووەوە لە بڕیاری حکومەتەکەی، بروسییەکان توانییان بەشێکی پاریس بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم داگیر بکەن، ئیدی لێرەوە کرێکارە شۆڕشگێڕەکان و دانیشتوانی پاریس لە ١٨ی ئازاری (١٨٧١) دامەزراندنی کۆمۆنەیان ڕاگەیاند (کۆنارا، ٢٠١٦، ل ٧٧). ئەوەی تا ئێرە باس کرا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە کۆمۆنەی پاریس ئەنجامی جوڵانەوەیەکی کرێکاری درێژخایەنە دژ بە دەسەڵاتی پاڵپشتی سیستمی سەرمایەداری، کە هەم پاڵنەری فکری سۆسیالیستی وەک پەرچەکرداری شۆڕشی پیشەسازی و واقیعی سیستمی سەرمایەداری چەوسێنەری هێزی کاری کرێکاران، هەم ئەو ستەم، گەندەڵی، جەنگ و پشێوییەی فەرەنسای بە گشتی و پاریسی-بەتایبەتی گرتبووە بوونە پاشخانی ڕوودانی شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، چونکە ئەم پاشخانە دەمێک بوو بووبووە هۆی بەئاگاهاتنەوەی چینی کرێکار بە دۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتییان، ئەوەی مابووەوە دەرفەت و هەلی مێژوویی بوو.

## لقی دووەم
## کۆمۆنەی پاریس: فۆرمی فەرمانڕانی و ڕوانگەی مارکس لەهەمبەریدا

کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەمین هەوڵی مەزنی چینی کرێکاران بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، دیموکراسیەتێکی شۆڕشگێڕانەی زۆر توندی هێنایە ئاراوە، چونکە دوای شکانی سوپای فەرەنسا لە بەرانبەر ئەڵمانیا، سوپای نیشتمانی کرێکارە شۆڕشگێڕەکان لە لایەکەوە ئاگربەستیان لەگەڵ سوپای ئەڵمانیا ڕاگەیاند و، لایەکی ترەوە کرێکارانی شار دەسەڵاتیان گرتە دەست و کۆمەڵەیەکیان دامەزراند، کە شاندیان لە هەر ناوچەیەک پێکهێنا بۆ گوزارشتکردن لە هەر یەک لەو ناوچانە، بابەتەکە بە جۆرێک بوو بەوەی هەر کاتێک پێویست بوایە بانگی ئەو خەڵکانەیان دەکرد و لە ڕووی پارەپێدانەوەش هەر بەقەد کرێکارێکی لێهاتوو پارەیان پێ دەدان؛ ئەمانە بە خۆیان بڕیارەکانیان دەدا لە بری ئەوەی پەنا بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێکی هەرەمەکی ببەن، هەروەها پشتیان بە سوپایەکی پرۆفیشناڵ یان تازە ناونوسکراو نەدەبەست، بەڵکو پشتیان بە کرێکارە چەکدارەکان دەبەست و، کە وەک پاسەوانگەلی نیشتمانی ڕێک خرابوون (هارمەن، ٢٠٢٢، ل٧٩). مارکس لە کتێبی (**جەنگی ناوخۆی فەرەنسا**)دا، بەرپابوونی کۆمۆنەی پاریس وەک یەکەم "**دەوڵەتی پرۆلیتاری**" و چارەنووسی باسکردووە، لە یادی بیست ساڵەی کۆمۆنەی پاریسیشدا ئەنگلس کۆمۆنە وەک "**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا**" پێناسە دەکات. ئیدی لێرەوە لە باری سیاسییەوە کۆمۆنەی پاریس گەورەترین ئەزموونی پێشکەش بە چینی چەوساوەی جیهان کرد و، بۆ یەکەمین جار بەکردەوە، بە هەر خاڵێکی لاوازیشەوە بێت، حکومەتی پرۆلیتاری هێنایە سەر شانۆی مێژووی جیهانی؛ وەک مارکس دەڵێت: "ئەو فۆرمە سیاسییە بوو کە لە کۆتاییدا دۆزرایەوە، کە ئەتوانرێ ڕزگاری کار لە سایەیدا بە ئەنجام بگات" (ئەحمەد، ٣ی نیسانی ٢٠٢١). کۆمۆنەی پاریس یەکەمین حکومەتی کرێکاران بوو، کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە، چاوەڕوان دەکرا چینی کرێکار بتوانێ هەنگاوی داهاتوو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و کرێکارانە بنێت، کۆمۆنە ئەڵقەیەکی مێژوویی بوو کە تێیدا خەڵکی زەحمەتکێشی پاریس لە بزووتنەوەیەکی

شۆڕشگێڕی بێ وێنەدا، دەوڵەتی سەرمایەدارییان بە ئۆرگانەکانی خۆیان گۆڕی (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣). بۆ ئەوان کۆمار هیچ پەیوەندییەکی بە پەرلەمان، هەڵبژاردن و حکومەتی بەڕێوەبردنی مۆدێرنەوە نەبوو، بەڵکو کۆمۆنە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بوو؛ بڕیار بوو بۆشایی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان لە نێوان کارمەندان و نوێنەران، لە نێوان نوێنەران و سیاسەتمەداران چارەسەر بکرێت، ئامانج لێی ئەوەبوو لێژنە ناوچەییە ناوخۆییە هەڵبژێردراوەکان بۆ ماوەیەکی کورت بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە ئەستۆ بگرن؛ جگە لەوەش، هاوڵاتیان دەیانتوانی مافی نوێنەرایەتیکردنی کەسانی هەڵبژێردراو هەرکاتێک بیانەوێت، وەربگرنەوە (محمودیان، ٢٢ بهمن ١٣٩٤). ڕاگەیەندرا کە: زەوی موڵکی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات، کەرەستەکانی کارکردنیش هی کرێکارانن و کارکردنیش مافی سروشتی یەکسانە بۆ هەمووان، مووچەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەپێی بەهرە و پێگەی کارەکەیان دەبێت، دادوەر و بەرپرسە باڵاکان هەڵدەبژێردرێن و هەرکاتێکیش زۆرینەی دەنگدەران ویستیان لادەبرێن و، موڵک و لەلایەن کۆمۆنەوە پەسەند دەکرێت، هەموو هاوکارییە داراییەکانی حکومەت بۆ کڵێسا دەبڕدرێت، ئایین بابەتی تایبەتی تاکەکانە، قوتابخانەکان نابێت لەژێر کۆنترۆڵی کڵێسا بن، دادپەروەری و پەروەردە لە ئایین و دادوەرەکان جیا دەکرێنەوە، دەوامی شەوانە لە نانەواخانەکان قەدەغەیە، مووچەی کارمەندانی کۆمیسیۆنی کۆمۆنەکان لە هەمان ئاستی کرێکارانی نانەواخانەکاندا دەبێت، پۆلیس لەباتی خزمەتکردنی حکومەت دەبێتە ڕێکخراوێک کە خزمەت بە خۆشگوزەرانی خەڵک دەکات و سەرجەم ئەرکە سیاسییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەوەشێتەوە، ئازادی قسەکردن و ڕۆژنامەگەری، ئازادی گردبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بۆ هەموان وەک یەک دەبێت (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣).

بەگشتی پێکهاتەی حکومەتی کۆمۆن لە بنەڕەتدا جیاواز بوو لە هەموو جۆرەکانی پێشووی حکومەت، کۆمۆن لە کەسانێک پێکهاتبوو کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ناوچەی جیاوازدا هەڵبژێردرابوون؛ کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنەی پاریس ٨٠ ئەندامی هەبوو، بەپێی یاسای پەسەندکراو هەرکاتێک زۆرینەی دەنگدەران بیانویستایە، دەیانتوانی هەریەکێک لە ئەندامەکان لە کارەکانیان دووربخەنەوە، کاری ئەم کۆمیتەیە هەم یاسادانان و هەم جێبەجێکردنیش بوو. ئەگەرچی کۆمۆنەی پاریس تەنها ٧٢ ڕۆژ تەمەنی بوو و، حکومەتی هەڵاتوو بە هاوکاری سوپای پروسیا هێرشی کردە سەر پاریس و، دوای چەند ڕۆژ لە شەڕێکی نابەرابەری سەربازیدا شکستیان بە کۆمۆنە هێنا و شۆڕشگێڕانیان خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و وانە و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکاری جیهانە کە تا ئێیستا کاری لەسەر دەکرێت، بە تایبەت لای مارکسیستە هاوچەخەکاندا (بێ ناوی نووسەر، نیسانی ٢٠٢٣). کەواتە، ڕەنگە بکرێت بڵێین: کۆمۆنە ئەوەی سەلماند، دەشێت شۆڕشێکی کرێکاری لە کۆمەڵگەیەکدا سەرکەوتوو بێت و ئەزموونێکی فەرمانڕانی جیاواز لە سیستەمە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنە پێشکەش بکات، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری فۆرمێکی جیهانی وەرگرتووە، تەمەنێکی درێژی نەبێت ئەگەر بزاوت و ڕێکخراوی کرێکاری جیهانی کارا دروست نەبێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو جۆرە ئەزموونانە.

لە ڕاستیدا، کۆمۆنەی پاریس کاریگەری زۆری لەسەر هەڵوێست و ڕوانگەی مارکس بەجێهێشت، لەم بارەوە لینین لە کتێبی (**دەوڵەت و شۆڕش**)دا دەڵێت: "چەند مانگێک پێش کۆمۆنە، مارکس کرێکارانی پاریسی_ ئاگادار کردەوە کە هەر هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی حکومەت، گەمژەیی و نائومێدی دەبێت، بەڵام کاتێک لە مانگی ئازاری ساڵی (١٨٧١)دا ڕاپەڕین بوو بە ڕاستی، مارکس سەرەڕای پێشبینییە نالەبارەکان بە گەورەترین جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لە شۆڕشی پرۆلیتاری کرد" هەرچەندە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کۆمۆنە ئامانجەکەی بەتەواوی بەدەست نەهێنا، بەڵام مارکس بە ئەزموونێکی مێژوویی و گرنگییەکی گەورەی دەزانی و، وەک پێشکەوتنێکی دیاریکراوی شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی دەیبینی، بۆیە وەک هەنگاوێکی پراکتیکی کە گرنگتر بوو لە سەدان بەرنامە و ئارگۆمێنت؛ مارکس هەوڵیدا ئەم تاقیکردنەوە شی بکاتەوە، بۆ ئەوەی وانە تاکتیکییەکانی لێ وەربگرێت و لە ژێر ڕۆشنایی ئەندا تیۆرییەکەی بپشکنێت (Lenin, 1918, p27). هەروەها ئەندرێی تۆزێل و سیزار لۆپۆرینی و ئیتیان بالیبار لە کتێبی (**مارکس و ڕەخنەی سیاسەت**)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کتێبی (**جەنگی ناوخۆیی لە فەرەنسا**)ی مارکس لە شیکاریی و سەرژمێرییەکی باڵای ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس دەچێت "ئەو شیکارییەش هەر لە کاتی ڕوودانی ئەزموونەکەدا ئامادە کرابوو" ئەم دەقە ڕاستکردنەوەی شیکارییەکانی پێشتر و تیۆرێکی جیاوازتری دەربارەی فۆرمی سیاسی خستەڕوو کە سەرلەنوێ وڵامی لێکدژییەکانی ساڵی (١٨٤٨)ی دایەوە، چونکە مارکس لەو نووسینەیدا لەسەر ئاستی چەمک، ئەو شتانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە نزیکتر بوون لە حاڵەتی وەسفییەوە؛ ئەو بە ڕوونی جیاکاری لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتدا دەکات، ئەوە پیشان دەدات کە سەرجەم خەباتی چینایەتی بۆرژوازی (**واتە خەباتی سیاسی**)، تەنیا باڵادەستییە ئابوورییەکەی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە پێیوابوو شۆڕشی کۆمۆنە دژ بەو دەوڵەتە سەنتراڵە بوو کە "باڵادەستییە سەروو ئاساییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی واقیعدا" پەرە پێدەدات، ئەم شۆڕشە هەوڵێکە بۆ ڕووخاندنی دەزگای بیرۆکراسی بۆرژوازی؛ کۆمۆنە هەوڵێکە بۆ ئەوەی گەل خاوەنداریێتیە کۆمەڵایەتییەکەی ژیانی خۆی وەربگرێتەوە، ئەویش بە تێپەڕاندنی لێکدژی نێوان بازنەی ئابوری - کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی بیرۆکراسی دەوڵەت (تۆزێل و لۆپۆرینی و بالیبار، ٢٠١٦، ل ل٦٦-٦٧).

هەروەها مارکس دەڵێت: "کۆمۆنە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێ بەزەییانەی دەوڵەت بهێنێت کە وەک بزوێنەری جەنگی نیشتمانی سەرمایەی دژی کار، بەکاردەهێنا؛ ئەو دەسەڵاتەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا، لە خەمی سیاسی نەبوو، پیشەسازی و بازرگانییەکەی بۆ ڕەهەندە گەورەکان فراوانتر بوو؛ فێڵبازی دارایی، نەهامەتی جەماوەر بە نمایشێکی بێشەرم لە دەقێکی خراپ دەستی پێکرد؛ ئەو دەسەڵاتەی لە سەرووی کۆمەڵگە و تەژی بوو لە گەندەڵی". هەروەها پێیوایە هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو ئیمپریالیزمەی لەشفرۆشترین و دوا فۆرمی

دەسەڵاتی دەوڵەتە کە کۆمەڵگەی چینی ناوەڕاستی تازەپێگەیشتوو وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاربوونی خۆی لە فیۆدالیزم بەکاردێنێ، دواجار هەوڵێکە بۆ هەرەسپێهێنانی ئەو کۆمەڵگە بۆرژوازییە تەواو گەشەسەندووەیە کە خەریکی بەکۆیلەکردنی کارە لەلایەن سەرمایەوە (Marks, 1871, p24). ئەم هەوڵە لەسەر ئاستی دامەزراوەکان هەوڵێکی عەدەمی نەبوو، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر پەرەسەندنی فۆرمە سیاسیە ناسەنتراڵ و نابیرۆکراسییەکانی بەرهەمهێنا، کە قابیلی دەستپێشخەری سیاسی بنکەی جەماوەری بوون، لە هەمان کاتدا، لەسەر ئاستی بنەمای پێوەرە هەرەوەزییەکان و بەشداریکردن، دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرهەمهێنییەکانی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەوەی جێگای سەرەنج بوو، مارکس گوزارەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا وەک سروشتی قۆناغی گواستنەوە سەبارەت بە کۆمۆنەی پاریس بەکارنەهێنا؛ بەڵکو کۆمۆنەی وەک فۆرمێکی سیاسی وێنا کرد کە دەوڵەتە نوێیەکە لە هەمان کاتدا بیێتە نادەوڵەت، دەوڵەتێک کە دەسەڵاتی پرۆلیتاری لە دەوڵەتدا بچەسپێنێت، کە کار دەکات بۆ گۆڕینی ئەم دەزگایە بۆ شتێکی وەک نادەزگا، لێرەوەیە مارکس کۆمۆنە وەک دەوڵەتی ڕاگوزەر یان گواستنەوەیی وەسف دەکات، ئەویش لە هەردوو بواری سیاسی و ئابوریدا (تۆزێل و لۆپۆرینی و باڵیبار، ٢٠١٦، ل ل٦٧-٦٨). لە بواری سیاسیدا، مارکس گریمانەی ئەوە دەکات: کۆمۆنە چیتر تەنیا دامەزراوەیەکی پەرلەمانی نییە، واتە پرۆلیتاریا نایەوێت تەنیا دەزگای دەوڵەت وەک ئەوەی کە هەیە کۆنترۆڵی بکات و بیخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵکو دەیەوێت دەست بەسەر ئەو دەزگا دەوڵەتییەدا بگرێت و بیگۆڕێت بە فۆرمێکی کۆماری گواستنەوە، کە لە یەک کاتدا ئۆرگانێکی کارکەر بێت نەک پەرلەمانی، جێبەجێکار و یاسادانانەریش بێت (Marks, 1871, pp24-25). جگە لەوەش بە ڕای مارکس "ئەوەی ڕووی گەشی کۆمۆنەمان نیشاندەدا، ئەوەیە کە پۆلیس لەبری ئەوەی بەردەوام بێت لە بریکاری حکومەتی ناوەندی، یەکسەر سیفەتە سیاسییەکانی لێسەندرایەوە، بوو بە بریکاری بەرپرسیار و، دەمەزراوەی سوپا گۆڕدرا بە دامەزراوەیەک کە پاسەوانی نیشتیمانی کرێکارە چەکدارەکان نوێنەرایەتی دەکەن" بۆیە یەکەم فەرمانی کۆمۆن سەرکوتکردنی سوپا و، جێگرەوەی بوو بە خەڵکی چەکدار، کە هەموو کاتێک دەتوانرێت بگۆڕدرێ (Marks, 1871, p24).

مارکس ئەوەش دەخاتەڕوو، ئەم دابەشکردنە کارگێڕییە بۆ شارەوانییەکان کە پشت بە دەنگدانی گشتی دەبەستێت، دەرخەری دیالەکتیکێکی نوێی یەکە نەتەوەییەکانە، بەوەی نابێت یەکێتی نەتەوەیی تێکبشکێنرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت بە دەستووری کۆمەڵایەتی ڕێکبخرێت، بەم جۆرە، بەهۆی ئاراستەی کاروبارەکانەوە، پرۆسەی ڕێکخستنی کردەیی زۆرینە ئەنجام دەدرێت کە ئامانجی داماڵینی وەزیفە شەرعییەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی پێشترە لە دەسەڵاتێک کە بانگەشەی ئەوە دەکات لە سەرووی کۆمەڵگەدایە؛ کۆمۆنە بە هۆی ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هەبوو، ئارگومێنتی ئەو ڕێگەیەیە کە پێویستە فۆرمی سیاسی قۆناغی گواستنەوە پەیڕەوی لێ بکات، ئەو ڕێگەیە ئامانجەکەی خۆی دیاری دەکات، ئەویش بریتییە لە گێڕانەوەی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ جەستەی کۆمەڵایەتی کە تا ئێستا دەوڵەتی مشەخۆر کە لەسەر حسابی کۆمەڵگە دەژی، هەڵی مژیون (تۆزێل و لۆپۆرینی و باڵیبار، ٢٠١٦، ل ل٦٩-٧٠). زیاتر لەوەش، تەواوی دامەزراوە پەروەردەییەکان بەبێ بەرانبەر بەڕووی خەڵکدا کرانەوە و لە هەمان کاتدا لە هەموو دەستوەردانێکی کڵێسا و دەوڵەت پاککرانەوە، بەمەش کۆمۆنە ڕۆشنگەری لەلایەن مامۆستای قوتابخانەوە خستە شوێنی گەمژەیی لەلایەن قەشەوە (Marks, 1871, p25).

هەروەها مارکس ئاماژە بەوە دەکات، کۆمۆنە ئەو فۆرمە سیاسییە بوو، جێگەی بە دیموکراسی بۆرژوازی چۆڵکرد و لە جێگەیدا دیموکراسی ڕاستەوخۆی هێنایە ئاراوە، کە تێیدا ئەندامانی ئەنجومەنەکان لە هیچ ئیمتیازێک لە بەرانبەر ڕۆڵە سیاسییەکەیاندا بەهرەمەند نابن، بەڵکو لە هەر کاتێکدا دەتوانرێت بانگبکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، پێشسیوایە ئەوەی جێگای دڵخۆشییە لە ئەنجومەنی کۆمۆنەدا ١٧ ئەندامی ئینتەرناسیۆناڵ هەبوون (کۆنارا، ٢٠١٦، ل ل٧٩-٨٠). واتە بە ڕای مارکس، گەر کۆمۆنە بە شێوەیەک نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو توخمە تەندروستەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوویێت، ئەوا نێودەوڵەتیش بوو، بۆ نموونە: کۆمۆن پیاوێکی کرێکاری ئەڵمانی (**لیۆ فرانکل**)ی کردە وەزیری کار (Marks, 1871, p p28-29).

لەسەر ئاستی ئابوریش، مارکس پێیوایە، کرێکاران بەو خەسڵەتەی کە بەرهەمهێنەرن دەبێت پیادەی دەسەڵاتیش بکەن و، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی گواستنەوەوە، خۆیان لە چینی زاڵ و پێشەنگدا ڕێکبخەن و کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی چینەکان بکەن؛ هەر کە کار ئازاد دەکرێت، خێرا هەموو مرۆڤێک دەبێتە کارکەر، ئیدی کاری بەرهەمهێنەر لەوە دەکەوێت کە خاسیەتی چینێک بێت؛ بۆیە کۆمۆنە هێنایە بۆ زەروورەتی پچڕان لەو فۆرمە سیاسییانەی کە بە زۆرەملێ لەنێو پانتایی ئابوریدا جڵەوی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانیان کردبوو، هەروەها ئاماژەیە بۆ زەروورەتی پەلەکردن لە سڕینەوەی خاوەندارێتی تایبەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان؛ دانانی کۆمەڵەی هەرەوەزی، هێڵە سەرەکییەکانی زەمینەی گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان (تۆزێل و لۆپۆرینی و باڵیبار، ٢٠١٦، ل ل٧٠-٧١). هەروەها مارکس پێمان دەڵێت: کرێکارانی کۆمۆنە هیچ ئایدیاڵێکیان نییە بۆ بەدیهێنان، بەڵکو بۆ ئازادکردنی توخمەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە کاردەکەن، کە کۆمەڵگەی بۆرژوازی کۆن و دارماو خۆی پێی دووگیان بووە، بۆیە مارکس باوەڕی وایە لە کۆمۆنەدا، چینی کرێکاران لە هۆشیاری تەواوی ئەرکە مێژووییەکەی خۆیا ندان و بەو ئیرادە قارەمانانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە؛ بۆ ئەوەش بەڵگە بەوە دێنێتەوە، کاتێک کۆمۆنەی پاریس توانی بەڕێوەبردنی شۆڕش بگرێتە دەستی خۆی؛ کە پیاوانی کرێکاری سادە بۆ یەکەمجار بوێری ئەوەیان کرد پێشێلی ئیمتیازاتی حکومی "سەرووترە سروشتییەکانیان" بکەن و، لە هەلومەرجێکی سەختی بێ نموونەدا، ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن (Marks, 1871, p27).

لێرەوە دەکرێت، بڵێین کۆمۆنەی پاریس بووە هۆی ئەوەی ڕوانگەی مارکس بۆ شۆڕشی کرێکاری واقیعبینانەتر و ئومێدبەخشانەتر بێت، بەجۆرێک کە ئەگەری هاتنە ئارای شۆڕشی پرۆلیتاریا و سەرکەوتنی لە قۆناغی سۆسیالیزم بۆ کۆتا قۆناغی کۆمەڵگە (کۆمۆنیزم) نزیکتر و واقیعانەتر بێت.

## دەرئەنجامەکان

لە بەکۆتاییهاتنی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتین بەم چەند دەرەنجامەی خوارەوە:

1. بە تێبینیکردنی ئەوەی چەمکی شۆڕش لە هزری سیاسی کۆندا گوزارشتبووە لە گۆڕانکاری و، لە هزری سـەدەکانی ناوەڕسـتدا لای هەندێک بیرمەند گوزارشـتبووە لە مافی بەرگری دژی بە دەسـەڵاتی فەرمانڕەوایانی و، لە سـەردەمی نوێشدا شۆڕش مافی خەڵک بووە بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی، ئەوا شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی ڕیشەیانەی بونیادی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری هەبوو لە ڕێگەی جوڵانەوەیەکی جەماوەری خاوەن ئیرادەیەکی یەکگرتوو و بەهێز بە بونیادێکی نوێ، جا بە بەکارهێنانی توندوتیژی بێت یان فشـار و ناڕەزایەتی مەدەنی.
2. لە هزری بیرمەندە سۆسـیالیسـتەکان بە گشـتی و مارکس بە تایبەتی، تیۆری شۆڕش بەستراوەتەوە بە گەشەی ماتریالانەی مێژووەوە، بەوەی بە گشەکردنی سـیسـتمی سـەرمایەداری لە پێناو ئامانجەکەیدا کە کەڵەکەبوونی زیاتری سەرمایەیە، چینی کرێکار ژمارەی زیاتر و، هۆشیارتر و یەکگرتووتر دەبێت و، سەرمایداری دەڕوخێنێ و بەرەو قۆناغی ڕاگوزەری سۆسیالیزم دەچێت، کە ئەرکی کۆتاییهێنانە بە خاوەندارێتی تایبەت و نەهێشتنی نایەکسانی چینایەتی، بەمەش هەنگاو دەنێ بۆ قۆناغی کۆمۆنیسـت وەک دوا قۆناغی گەشـەی مێژوویی مرۆڤایەتی.
3. شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس، لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک هزری سۆسیالیستە سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەهەم، بۆچوونە هزریە شـۆڕشـگێڕییەکانی مارکس و ئەنگلس، دۆخی ناهەمواری کرێکاران بەهۆی گەشـەسـەندی شـۆڕشی پیشەسازی، ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسا ڕوویدا.
4. کۆمۆنەی پاریس، یەکەمین ئەزموون و فۆرمی سیاسی شۆڕشی کرێکاری بوو لە جیهاندا، یەکەمین حکومەتی مێژوویی سۆسـیالیسـتی بوو، کە سیسـتمی سـەرمایەداری لە پاریس بە پەیوەندییە ئابوری و سـیاسـییەکانی گۆڕی بە دەوڵەتێکی پرۆلیتـاری، کە بەرەو پەیوەنـدییەکی کۆمەڵایەتی یەکسـان و کۆمۆنیزمیانە هەنگاوی دەنا، بەڵام تەمەن ڕێگەی ئەوەی پێ نەدا.
5. ئەزموونی کۆمۆنەی پـاریس، وای لە مـارکس کرد، بەشـێک لە تێڕوانینە هزرییەکانی لەمەڕ فەرمانڕانی پرۆلیتاریا گۆڕی، بە تایبەت تێڕوانینی سەبارەت بە نەمانی دەوڵەت لە دوا قۆناغی سـۆسـیالیزمدا، کە کۆمۆنیسـتە، بەوەی دەوڵەت تەنیا خەسـڵەتە سـیاسـییەکەی لە دەسـت دەدات و خەسـڵەتە کارگێڕییەکەی بە شـێوەی بەشـداریکردنی نوێنەری هەموو ناوچەکان هەر دەمێنێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

### یەکەم/ کتێبی کوردی:


غوڵامی، ئەحمەدی، (٢٠١٠)، ژان ژاک ڕۆسـۆ و سـیاسـەتی مۆدێرن، بەشی فەلسـەفەی زانکۆی سـەلاحەدین و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی، هەولێر.

فەرەج، بەرزان، (٢٠١٢)، پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

زەنگەنە، سـەمەد، (٢٠٠٩)، کاریگەری مافە سروشـتییەکان لە شـۆڕشـدا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

حەمەد، موبارەک عەزیز، (٢٠٢٣)، چەمکی ئازادی لە تیۆریی سـیاسـیی هانا ئارێنتدا و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردسـتان- عێراقدا، دەزگای چاپ و پەخشـی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.


### دووەم/ کتێبی بە کوردی کراو:


تۆزێل و لۆپۆرینی و بالیبار، ئەندرێی و سـیزار و ئێتیان، (٢٠١٦)، مارکس و ڕەخنەی سـیاسـەت، و: هاوار محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

ڤینسـینت، ئەندرۆ، (٢٠٠٧)، ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسییەکان، و: عومەر مەولودی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

هۆبز، تۆماس، (٢٠١٦)، لیڤیاسان، و: ئەسعەد عەلی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ئیگڵتۆن، تێری، (٢٠١٥)، بۆچی مارکس لەسـەر حەق بوو؟، و: پێشـڕەو محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، ب. ش. چ.

بەشیریە، حسێن، (٢٠١٣)، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، و: ناسر ئیبراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

بەشیریە، حوسێن، (٢٠٠٩)، بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر کاروانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ٢، ب.ش.چ.

لیدمان، ستیڤن – ئێرک، (٢٠٠٩)، ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسـۆ شـەفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٣، سلێمانی.

بەشارە، عەزمی، (٢٠١٢)، شۆڕشناسی: لەبارەی شۆڕش و شایستەیی بۆ شۆڕش، و: د. یاسـین سـەردەشـتی و بەرزانی مەلا تەها، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سـالح، غانم محەمەد، (٢٠١٥)، بیری سـیاسی کۆن و ناوەڕاسـت، و: سـەلام کەریم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

مارکس، کارل، (٢٠١٥)، سـەرمایە، ب٢، و: عەبدوڵڵا ڕەسـوڵی، دەزگای ڕۆشـنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

هارمەن، کریس، (٢٠٢٢)، شـۆڕس لە سـەدەی ٢١دا، و: هاوکار عەبدوڵڵا، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی ئایدیا، سلێمانی.

پۆلادی، کەمال، (٢٠٠٥)، مێژووی هزری سـیاسی لە ڕۆژئاوا لە سـوکراتەوە تا ماکیاڤیلی، ب١، و: ئازاد وەلەدبەگی و سـیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

پۆلادی، کەمال، (٢٠٠٥)، مێژووی هزری سـیاسی لە ڕۆژئاوا لە ماکیاڤیلی تا مارکس، ب٢، و: ئازاد وەلەدبەگی و سـیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

مۆسکا و بۆتۆ، گایتانۆ و د. گاستۆن، (٢٠١٢)، مێژووی ئەندێشە و قوتابخانە سیاسییەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و: فەرشید شەریفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

لۆبۆن، گۆستاف، (٢٠١٦)، شۆڕشی فەرەنسی- و ڕۆحی شۆڕشەکان، و: شەماڵ ئەحمەد، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

کۆنارا، مایک گۆنزاڵێس – ئیسەم، (٢٠١٦)، کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی، و: بابان ئەنوەر، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

ئیبراهیم، موسا، (٢٠١٠)، فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی ئارام، چ٣، سلێمانی.

مەحفوز، مەهدی، (٢٠١٣)، ڕێبازەکانی هزری سیاسی لە سەردەمی مۆدێرندا، و: شوان ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

سالح. هاشم، (٢٠١٢)، لە شۆڕشی فەرەنسیەوە بۆ شۆڕشی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

ئەرستۆ، (٢٠١١)، سیاسەت، و: عیمران هاواری، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، چ٢، سلێمانی.

### سێیەم/ ئەلیکترۆنی:

بێ ناوی نووسەر، (نیسانی ٢٠٢٣)، کۆمۆنەی پاریس- یەکەم حکومەتی کرێکاری لە جیهاندا، و: لە ئینگلیزییەوە توانا حەمە نوری، سایتی بۆ پێشەوە، بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٤/١٢/٨)، بەردەستە لە:
https://bopeshawa.net/index/?p=10868.

ئەحمەد، موئەیەد، (٣ی نیسانی ٢٠٢١)، لە یادی کۆمۆنەی پاریسدا، سایتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٤/١٢/١٠)، بەردەستە لە:
https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/?p=4873.

## سەرچاوە عەرەبی:

### یەکەم/ کتێبی عەرەبی:

خالد و قماط ، الحامد و سعد، (٢٠١٧-٢٠١٨)، الفكر الثوري عند كارل ماركس، الماستر غير منشور، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية -جامعة محمد بوضياف – المسيلة، الجزائر، السنة الجامعية.

### دووەم/ کتێبی بە عەرەبیکراو:

هيود، أندرو، (٢٠١٢)، مدخل الى الأيديولوجيات السياسية، ت: محمد صفا، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

## سەرچاوەی فارسی:

### یەکەم/ ئەلیترۆنی:

زاده، خيزران اسماعيل، (١٣٩٧/١٠/٩)، حقايقى كه بايد درباره كمون پاريس بدانيد، موقع ايڤار، تاريخ بازديد (٢٠٢٤/١٢/٥)، در لينک زير موجود است:
https://www.eavar.com/blog/2018/12/28/141460/commune%D9%80paris/

محموديان، محمد رفيع، (٢٢ بهمن ١٣٩٤)، انقلاب ٥٧ از چشم انداز كمون پاريس، موقع راديو زمانه، ، تاريخ بازديد (٢٠٢٤/١٢/١٠)، در لينک زير موجود است:
https://www.radiozamaneh.com/260297.

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

### یەکەم/ کتێبی ئینگلیزی:

Yoder, Dale, (NO a year), Current Definitions of Revolution, The American Journal of Sociology.

Jones and Patterson, Gareth Stedman and Ian, (1996), The Theory of the Four Movements, Cambridge University Press, United Kingdom.

Locke, John, (1823), Civil Government – Two Treatises of Government, R. Griffin and Co. Glasgow, Vol. V. London.

34. Marks, Karl, (1871), The Civil War in France, T: Markup: Zodiac & Brian Baggins, Europe and the United States.

Chengte, Pralhad V, (Issue 4, 2016), The Concepte of Revolution, International Journal of Political Science (IJPS), Volume 2.

Kumar and Others, Ashutosh and Others, (No published year), Karl Marx and Scientific Socialism, athshala, Western and Indian.

Lenin, V. I., (1918), The State and Revolution, Lenin Internet Archive (marxists.org, without published place.

No author, (2011), Socialism, communism and revolution, research article, NO a publishing house.

### دووەم/ ئەلیکترۆنی:

Blackburn, Robin, (1/12/2024), Marxism: Theory of proletarian Revolution, New Left Review, date visit, available on:
https://newleftreview.org/issues/i97/articles/robin-blackburn-marxism-theory-of-proletarian-revolution.pdf.